عێراقییەکان لە گەرما هەڵدێن بەرەو شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان

عەبدولحەمید محەمەد (تایبەت بە گۆڤاری هەرێمی کوردستان)

لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی گەرما، ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیانی عێراقی لە شارەکانی ناوەند و باشوور، ڕویان کردۆتە شوێنە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە زۆر سەرسامن بەو پێشکەوتنەی ئەم شوێنە گەشتیارییانە بەخۆوەی بنیووە، هەروەها ئەو تەناهی و ئارامی و ئاسایشەی کە لە هەرێمی کوردستان بەر قەراره، لەکاتێک زۆربەی شارەکانی دیکەی عێراق بە دەست خراپی ڕەوشی ئەمنییەوە دەناڵێن، زێدەباری خراپی ڕەوشی کارەبا و خزمەتگوزاریەکانی تر.

لە سەردانێک بۆ شارۆچکەی شەقلاوە گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) توانی چەند گەشتیارێک بدوێنێت، کە باسی ڕاوبۆچوونیان بکەن لە سەر ئەم شوێنانە، سەرەتا عەبد خزر کە هاوولاتییەکی شاری بەسرایە گوتی: بەڕاستی هەر کە گەیشتینە شارەکانی کوردستان هەستمانکرد کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە پلەی گەرما، هەروەها هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم توانیویەتی خزمەتگوزاریەکی باش بۆ خەڵک دابینبکات، لە ساڵەکانی هەشتاکان سەردانی شارۆچکەی شەقلاوەمان کرد، بەڵام بەمشێوەیە نەبوو، ئێستا دەبینین پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیووە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، کە بەنیازە لەم گەشتەدا سەردانی شارەکانی تری کوردستان بکات وەک دهۆک و سلێمانی بکات بۆ بینینی شوێنە گەشتیارییەکان.

لەلای خۆیەوە هاوولاتی خلود ردینی بە ئومێدی ئەوە بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و بەرقەراری بۆ عێراق و گووتی: زۆر خۆشحاڵین کە دەبینین میللەتی کورد و شارەکانی کوردستان بە ئاشتی و هێمنی دەژین، لەخوای گەورە داواکارین کە ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ عێراق.

هەروەها گوتی: ئەوە یەک هەفتەیە ئێمە لە شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان کاتی خۆش بەسەر دەبەین کە دەبینین زۆر خۆش و پێشکەوتوون لە کاتێک ئێمە لە دەست گەرماو بێ کارەبایی دەناڵێنین، گەنجێکی دیکە بە ناوی (ئەحمەد عەلی) کە بەقسەی خۆی هەر تازە گەیشتبووە شارۆچکەی شەقلاوە گووتی: پێش چەند ڕۆژێک برادەرەکانم هاتبوون بۆ شوێنە گەشتیاریەکان لە کوردستان و زۆر باسی جوانیەکانی دەکرد، بەڕاستی ئەمە یەکەمجارە سەردانی کوردستان دەکەم و دەبینم کە شەقلاوە زۆر جوانە و بە نیازی ئەوەم سەردانی شوێنەکانی دیکەش بکەن، هەروەها گوتی: شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان و بووینەتە جێگای هەناسە دانەوەی عێراقییەکان لەبەر ئەوەی زۆر جوان و نزیکن و بەئاسانی دەتوانی سەردانیان بکەی، لەلایەکی ترەوە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی گەشتیارە عەرەبە عێراقییەکان بۆ شوێنە گەشتیاریەکان بۆتە هۆی چالاکردنی کەرتی گەشتوگوزاری لە کوردستان، بە پێی گوتەی هەمزە ئەحمەد لە بەڕێوەبەرایەتی هوتێلی کۆشکی میدیا لە شارۆچکەی شەقلاوە، هوتێلەکەیان لە ئێستاوە تا مانگی ڕەمەزانی پیرۆز هەمو ژوورەکانیان گیراون و گووتی: گرووپی گەشتیاری هەفتانە دێن بۆ لامان و هەر لە پێش دوو مانگ و تا سەرەتای مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ژوورەکان گیراون.

هەروەها گوتی: گروپەکان لە هەموو شارەکانی عێراق دێن بۆ لامان و ئەمساڵ کەرتی گەشتوگوزار زۆر چالاکترە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو .

بە پێی گوتەی مەولەوی جەبار بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان کە سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمساڵ ژماریەکی زۆری گەشتیارانی عێراقی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، جەبار گوتی: بە پێی ئامارەکانی پار ساڵ ٧٩١ هەزار گەشتیار ڕوویان لە شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان کردووە، هەر چەندە ئێستا ئێمە خەریکی کۆکردنەوەی ئامارەکانین لە سەر ژمارەی گەشتیارانی ئەمساڵ کە تا ئێستا تەواو نەبوینە، بەڵام بە پێی پێشبینیەکان لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو تا ناوەڕاستی ئەم مانگە زیادبوونێکی زۆری بەخۆوە بینیووە، کە دەگاتە نزیکی ٢٠٪ بە بەراورد لەگەڵ پار ساڵ.